# "بەشی یەکەم"

١- **شوێن و پلەی ئافرەت لە پێش ئاینی ئیسلامدا:** دیارە مەبەست لە پێش ئیسلام لەسەردەمی جاهیلیەت و بێ ئاگایی خەڵکی بووە بەشێوەیەکی گشتی و عەرەب بە تایبەتی. ئەو کاتەی کە خەڵك دوای عیسی (علیه السلام) بە ماوەیەکی زۆر نێردراوی خواییان بۆ نەهاتبوو . وە بە عەرەب و غەیری عەرەبە وە تەنها چەند کەمێکی ئەهلی کیتاب نەبێت ، وە لەو کاتانەدا ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لە حاڵەتێکی ناڕەحەتدا ئەژیان بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا تا ئەو ڕادەیەی لەدایك بوونی مێینە شتێکی بێزراو بوو ، تیایاندا بوو دفنی ئەکرد و منداڵە کچەکە لە ژێر خۆڵەکەدا گیانی دەرئەچوو . وە تیایاندا هەبوو وازی لێ ئەهێنا لە ژیانێکدا کە پڕ زەلیلی و سوکایەتی و ناڕەحەتی بوو بۆی هەر وەکو خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت:﴿وإذَا بشر أحدهم بِالأنثَى ظَل وجهه مسوداً وهو كظِيم * يتوارى مِن الْقَومِ مِن سوءِ ما بشر بِهِ أيمسِكُه علَى هونٍ أم يدسه فِي الترابِ ألاَ ساء ما يحكُمونَ﴾ {سورة النحل:٥٨-٥٩} . وە هەروەها دەفورموێت:﴿وإذَا الْموؤودةُ سئِلَت *بِأي ذَنبٍ قُتِلَت﴾ {سورة التكوير:٨-٩} . (الموؤودة) : ئەو کچە بووە کە بە زیندویی خراوەتە ژێر گڵەوە وە تا لە ژێر گڵەکەدا گیانی دەرچووە وە ئەگەر لەو زیندە بە چاڵ کردنەش ڕزگاری ببوایە ئەوا دەچوو بۆ مردنێکی مەعنەوی تر. کە پڕ بوو لە سوکێتی و زەلیلێتی . بۆ نمونە بەشی لە میراتدا نەبوو هەرچەندە کەسەکە ماڵی زۆر بوایە . وە هەرچەند ئەم ئافرەتە لە نەبوونی و هەژاریدا بوایە چونکە میراتیان تایبەت کردبوو تەنها بە پیاوانەوە کە بە داخەوە ئەڵێم ئێستاش ئەم نەریتە خراپە لێرە و لەوێ هەر بەردەوامە هەروەها سەیر لەوەدا بووە کە وەکو هەموو بابەتەکانی تری مێردەکەی دوای مردنی هاوسەرەکەی ئەم ئافرەتەش بە میراتی ئەدرا بە کەسی مێردەکەی . وە بۆیە بە گشتی چەند ئافرەتێکی زۆر خێزانی یەك پیاو بوون .

٢- **شوێن و پلەی ئافرەت لە ئیسلامدا:** هەر کە خۆری ئیسلام هەڵهات هەموو ئەو تاریکی و ستەمانەی سەر ئافرەتی ڕەواندەوە و مرۆڤێتی بۆ ئافرەت گەڕاندەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يا أيها الناس إِنا خلَقْناكُم من ذَكَرٍ وأُنثَى ....﴾ {سورة الحجرات:١٣} . لەم ئایەتەدا خوای گەورە ئافرەتی بە هاوبەشی پیاو داناوە لە مرۆڤایەتیدا. هەر وەکو چۆن لە پاداشت و سزادا لەسەر کردەوەکان هاوبەشی کردن کە دەفەرموێت: ﴿من عمِلَ صالِحاً من ذَكَرٍ أو أُنثَى وهو مؤمِن فَلَنحيِينه حياةً طَيبةً ولَنجزِينهم أجرهم بِأحسنِ ما كَانواْ يعملُونَ﴾ {سورة النحل:٩٧} .

هەروها دەفەرموێت: ﴿لِيعذب الله الْمنافِقِين والْمنافِقَاتِ والْمشرِكِين والْمشرِكَاتِ ......﴾ {سورة الاحزاب:٧٣} .

دووبارە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يا أيها الذِين آمنواْ لاَ يحِل لَكُم أن ترِثُواْ النساء كَرهاً.....﴾ {سورة النساء:١٩} واتە : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە بۆتان نیە ئافرەتان بکەن بە میراتی .

بۆیە ئیسلام شەخصیەتی ڕاستەقینەی بۆ ئافرەت گێڕایەوە، وە کردی بەوەی کە میراتی وەربگرێت، نەك بکرێت بە میراتی وەکە خوای گەورە لە سورەتی (النساء)دا دەفەرموێت: ﴿..... وللنساء نصِيب مما ترك الْوالِدانِ والأَقْربونَ مِما قَل مِنه أَو كَثُر نصِيباً مفْروضاً﴾ {سورة النساء: ٧} .

وە لەلایەنی ژیانی هاوسەریشەوە ئیسلام ژن هێنانی دیاریکراو کرد و سنوری بۆ دانا کە زۆرترینی چوار خێزان بێت ئەمەش بە مەرجێك کە پیاوەکە بتوانێت دادپەروەر بێت... وە واجبی کردوە لەسەر پیاوان کە ڕێك و پێك و باش بن لەگەڵ خێزانەکانیاندا وەکو دەفەرموێت (وعاشروهن بالمعروف) وە پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێت: ((خيركم خيركم لأهله و انا خيركم لأهلي))[1] (صحيح) واتە : باشترین لەگەڵ خێزانەکانتاندا وە من باشترینتانم لەگەڵ خێزانەکانمدا . وە خوای گەورە مارەیی ئافرەتی بە مافێکی ئافرەت دانا و فەرمانی کردووە کە بەتەواوێتی هەمووی بدرێتێ مەگەر ئەو ئافرەتە بە ڕەزامەندی دڵی خۆی لێی ببورێت یان ببەخشێت وەکو دەفەرموێت: ﴿وآتواْ النساء صدقَاتِهِن نِحلَةً فَإِن طِبن لَكُم عن شيءٍ منه نفْساً فَكُلُوه هنِيئاً مرِيئاً﴾ {سورة النساء:٤} واتە : مارەیی ئافرەتەکانتان خۆیان خاوەنیانن واجبە لەسەرتان بە دڵێکی پاك بیان دەنێ مەگەر خۆیان بە ڕەزامەندی خۆیان پێشکەشتان بکەن ئەوە حەڵاڵە . هەروەها لەلایەن پەروەردەکردنی منداڵەوە ئیسلام کردویەتی بە سەرپەرشتی منداڵ و کەسێك بێت کە فەرمان بکات بە چاکە و نەهی بکات لە خراپە و شوان بێت بۆ خێزان لە ماڵی خۆی وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: ((المرأة راعية في بيت زوجها و مسؤلة عن رعيتها))[2] وە داینواە لەسەر مێردەکەی کە خەرجی و جل و بەرگی و هەموو پێداویستیەکانی تر بەچاکی و بە شێوازێکی شەرعی بۆ دابین بکات.

٣- بابزانین دوژمنانی ئیسلام و شوێن کەوتوانیان چی دەکەن بۆ نەهێشتنی شەخصیەتی ئافرەت و لەکەدارکردنی و ناشرینکردنی، بێ گومان دوژمنانی ئیسلام و شوێن کەوتوانیان و ئەوانەی دڵیان نەخۆشە ڕق و کینەیەکی زۆریان لا دروست بووە بەرامبەر بەو ڕێز و شەرەف پاراستنەی کە ئیسلام بۆ ئافرەتی موسڵمانی داناوە چونکە دوژمنانی ئیسلام لە بێ باوەڕان و دووڕووان ئەیانەوێت ئافرەت بکەنە ئامێرێکی تێکدانی کۆمەڵ. وە بیکەنە داوێك بۆ ڕاو کردنی ئەو ئیمان کز و خاوەن ئارەزوانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە . بۆ ئەوەی ئارەزووی نەفسی خۆیانیان لێ تێر بکەن وەك خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿..... ويرِيد الَّذِين يتبِعونَ الشهواتِ أَن تمِيلُواْ ميلاً عظِيماً﴾ {سورة النساء:٢٧} واتە : ئەوانەی کە شوێن نەفس و ئارەزوویان کەوتوون زۆر مەبەستیانە کە لە ڕێگای ڕاست لاتان بدەن .

وە ئەوانەشی کە دڵیان نەخۆشە ئەیانەوێت کە ئافرەت کاڵایەکی هەرزان بێت وە ئەو کەسانەی کە خاوەن ئارەزوو بازی و حەزێکی شەیطانین . ئەیانەوێت کە کاڵایەکی داپۆشراو نەبێت بەڵکو هەمیشە لەشی خۆی ئاشکرا بکات بۆ ئەوەی بە چاویان لەزەت لە جوانی بکەن یان لەوە خراپتر کە بگاتە سنوری زیناکردن . هەربۆیە زۆر سورن لەسەر ئەوەی کە لە ماڵی خۆی بیهێننە دەرەوە و بەشداری پیاوان بکات لە ئیش و کاری

---

[1] أخرجه : الترمذي (٣٨٩٥) ، وابن الحبان (٤١٧٧) .

[2] البخاري (٥١٨٨) ، مسلم (١٨٢٩) ، الترمذي (٢٥٥٤) ، أحمد (٥/٢) .

پیاواندا و هاوشانی یەکتری بن لە زۆربەی شوێنەکاندا بە تێکەڵاوی . بۆ نمونە سستەر بێت بۆ خزمەت کردنی پیاوان لە نەخۆشخانەکاندا، یان قوتابی بێت لەگەڵ کوڕاندا لە قوتابخانەکاندا یان شانۆکاربێت لەسەر شانۆ لەگەڵ پیاواندا، یان گۆرانی بێژبێت. یان ئەوەتا هەندێك لە لە گۆڤارەکان وێنەی ئەو ئافرەتە ڕوتانەیان کردۆتە ئامرازێك بۆ برەودان بە ڕۆژنامەکانیان و سەرف کردنی لە بازارەکاندا یان هەندێ لە کۆمپانیاکان ئەم وێنانەیان بەهەمان شێوە کردۆتە هۆیەك بۆ بەهێزکردنی کەرەستەکانیان بۆ سەرف بوون ، جا بەم هۆیانە و چەندەها شێوازی تریش ئافرەتیان لە کاری گرنگی خۆی دور خستۆتەوە کە بریتی‌یە لە پەروەردەکرنی ڕۆڵەکانی خۆی و ئەرك بەجێهێنانی تەواوەتی بەرامبەر بە هاوسەری خۆی. بۆیە زۆر جار کێشە و گێروگرفت دروست ئەبێت لە ناو خێزاندا لە هەندێ شوێن خزمەتکار ئەهێنن بۆ خزمەت کردنی منداڵەکانیان .

ئەبێت بزانین ئایا ئیسلام ڕێ ئەدات بە ئافرەتان ئیش و کار بکەن لەدەرەوەی ماڵێ خۆیان یان نا؟ وەڵام : بەڵێ ڕێ ئەدات بەڵام بەم چەند مەرجانەی خوارەوە:

١- ئەگەر ئەو ئافرەتە زۆر پێویستی بەو کارە بوو یان کۆمەڵگە پێویستی زۆری بەو ئافرەتە هەبوو بۆ ئەو کارە بە شێوەیەك کە پیاوان نەتوانن ئەو کارە بکەن .

٢-واچاکە ئەو کارە دوای کاری سەرەکی خۆی بێت کە کاروباری ماڵی خۆیەتی .

٣- واجبە کە ئەو پیشەیە لە ناو ئافرەتانی تردا بێت دور لە پیاوان بۆنمونە فێرکردنی ئافرەتان یان دوکتۆری ئافرەتان یان سستەر.

٤-وە هیچ ڕێگریەك نی‌یە بەڵکو پێویستە لەسەر ئافرەت کە زانیاری شەرعی فێربێت بە تایبەتی ئەو زانیاریانەی کە زۆر زەرورە وەکو بیر و باوەڕ...هتد. وەئەبێت ئەم فێربوونەشی لە ناو ئافرەتدا بێت ، وە هیچی تێدانی‌یە ئەگەر ئافرەتان ئامادەی وانەی شەرعی ببن لە مزگەوتدا یان شوێنێکی پارێزراوبێت . دوور لە تێکەڵاوبوونی پیاوان . ئەوەش لەسەر ئەو ڕۆشنای‌یەی کە ئافرەتان لەسەر هەڵدانی ئیسلامدا ئیشیان ئەکرد و فێری زانیاریش ئەبوون ئامادەی مزگەوتیش ئەبوون .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org